# ژیانی مەردی ڕۆژانی سەختی

# چرای هەڵەبجە جەنابی موفتی



## عەمیدوڕاگری ئالی خەڕپانی

## مامۆستا شێخ خالیدی موفتی

وەك جەنابی مامۆستا مەلا عبدالكریمی بیارە نامەیەك بۆ مامۆستا شێخ خالیدی مو فتی دەنوسێت و پێی دەفەرموێت :[١]،

ئێستەش بەهەرحاڵ وە هەر وەضع، من وائەزانم عەمیدی عائیلەی خەڕپانی ئێوەن، ئەلحەمدولیللا ئەهلی عیلم و مەعریفەت و دین و ئیحتیرامن، وە خانەدانی ئێوە بە شوێن عیلم و دینا گەڕاون نەك بە شوێن دنیادا.

سوپاس بۆ خودا کە مامۆستا شێخ خالیدی موفتی تەمەنی بردەسەر لە خزمەتی پیاوچاکاندا،. هەمیشە هاوڕێی ڕێگەیان بوو، هاونشینی مەجلیسیان بوو، سەردەستەی خەتمە کارانیان بوو، موریدی ڕاستی مورشیدی ئاخر زەمانیان بوو

---

(١) بنوارە: هەوارگەی دڵ. ژیانی مەردی ڕۆژانی سەختی جەنابی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی ل/٨ دانروای شێخ موحیبن موفتی چاپی یەکەم ٢٠٢٢ .

(قَدَّسَ اللهُ سِرَّهُ)، خزمەتگوزاری مەدرەسەی حەزرەتی شافیعی بوو(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئامۆژگاریکاری موسوڵمانان و نوێژخوێنانی مزگەوتەکانی بوو، ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی دەرس و متالاو خزمەتی حوجرەو فەقێ کانی بوو، بۆ یەك جاریش لێم نەبیست کە بنازێت بە کردەوەکانیدا، بۆیە هەمیشە دەمی بە باسکردنی محەببەتی پیاوچاکانە وە بوو، زوبانی پاراو بە زیکری خودای میهربانەوەبوو، دڵ و گیانیشی محەببەتی حەزرەتی پێغەمبەری لێ دەتکا(صەڵات و سەلامی خودای لەسەربێت) .

سەروماڵیشی بەخت دەکرد لە پێناوی مورشیدەکەیدا کە نائیبی حەزرەتی سەرداری مەدینە بوو، ئیتر ڕەفافەتی ئەوانە و خۆشەویستی ئەو زاتانەی هەڵبژاردبوو، بۆیە بەسەربەرزی ژیاو، بە ڕووسووری وەفاتی کرد، کەواتە بۆیە بەندەیش ڕێگە بە خۆم دەدەم کە حوسنی زەننم هەبێت بەرامبەری و ئێستا هیوادارم لە ئەوپەڕی خۆشیدا ژیانی بەرزەخی بەڕێبخات و چاوی خێری لە ئێمەیشەوە بێت.

دوای وەفاتی جەنابی شێخ مەحمود ی کوڕی حەزرەتی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی شێخ مصطەفا بوو بەجێنشینی باوکی و لەجێگەی هەموویان دانیشت،وەلەخزمەت مامۆستامەلاعەبدولقادری کانیکەوە یی مودەڕیسی بیارەی شەریفەدا ئیجازەی زانستی وەرگرت و مۆری حەزرەتی ضیاء الدین بەسەر ئیجازەکەوەیەتی، وە فەرمانی فەرمی لەئەستانەوە بۆ دەرچووەو بووە بە موفتی هەڵەبجە،

جەنابی مامۆستا مەلا عبدالکریمی بیارە دەفەرموێت :

**ئەوەی لە هەڵەبجەدا دیومە و لە مزگەوتی جامیعەدا بەرچاوم کەوتووە لە تەمەنی خۆمدا لە هیچ شوێنێکی دیکەدا نەمدیوە و هیچ جێگایەکی تر ئەوەندە خۆش نەبووە و دڵی نەکردۆتەوە.** .[١].

---

([١]) بنوارە : ڕۆژگاری ژیانم : یاداشت و بیرەوەریەکانی مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەڕیس ل ٢٢١.

# له میحرابی زانایەکی ڕەببانیەوە

لەناو خانەدانێکی زانست پەروەری زاهیدو دنیانەویستدا ، لە باوەشی میهری باوك و باوانێکی دڵسۆز بە شەریعەت و طەریقەتدا، خەمخۆر بۆ ڕاگرتنی دینی ئیسلام و شارەزاو لێزان بۆ خزمەتکردنی ئەو ڕێبازە، بە گیانێکی ماندوونەناسی لێبڕانەوە، لە باوباپیرانەوە هەڵگری ئەو پەیامە پیرۆزەبوون و سەرچاوەی زانستەکەیان لە حەزرەتی فەخری عالەمەوە(صەڵات و سەلامی خودای لەسەر بێت) وەرگیراوەو بە ڕشتەیەکی نەسەبی پیرۆزی بێ دابڕان لە دەیان پشتی یەك لەدوای یەکدا کە تەنها پشتێکیشیان نەبووە کە زاناو مەلاو شارەزاو موفتی و قازی و شێخی طەریقەت نەبووبێت، کە سوپاس بۆ خودا لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامیدا بەدەگمەن ئەو ڕشتە نەپچڕاوە یەك لەدوای یەکە دەستدەکەوێت یان بە لێبڕان و گەڕانێکی زۆر یەکێك لەو ڕشتە پیرۆزانەت دەست دەکەوێت کە سەرجەمی باوبابیرانیان تا دەگات بە حەزرەتی حەسەنی موجتەبا و حەزرەتی حسەین ی سەییدی شوهەدا (سەلامی خودایان لەسەربێت) کە هەموویان زاناو شەرعزان و مەرجەعی فەتوای موسوڵمانان بووبن.


سوپاس بۆ خودا لە ئەولادی شێخ مصطەفای موفتی لە پاڵ میحراب و مزگەوتی جامیعەی هەڵەبجەدا منداڵێك لەدایك بوو کەهەر یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونەکەی باوکی زاناو ناودارو موفتی هەڵەبجە شێخ مصطەفا لەسەر لاپەڕەکانی توحفەی پیرۆزی شێخی ئیبن و حەجەر بە خەتی خۆی ڕۆژو ساتی لەدایك بوونی تۆمار دەکات و ئەوەندە ئومێدی صاڵح بوون و باشیی ئەم منداڵە ساوای هەبووە بۆیە بە نزاو پاڕانەوەیەکی تایبەتی لە حزووری خودای گەورەدا دەفەرموێت:

**یاڕەبی ئەم کوڕەمان بکەیت بە هۆکارو وەسیلەی گەیشتنمان بە حزوورت، لەبەر خاتری حورمەت و جاهی حەزرەتی ڕەسوڵی سەردار، یانی بەهۆی چاکی و دواڕۆژی باشی ئەم منداڵەوە کە ناومان ناوە خالید، نزیکبینەوە لە جەنابت و**

وەسیلەی گەیشتنمان بێت بە حزوورت. وەك دەفەرموێت:

**لقَد أَعادَ اللهُ عليَّ بِعوائِدِ أَلطافهِ البَهيَّة بإعطاءِ ابنٍ مُسَمَّى بِ(خالد) في السنَةِ الثالِثَة، مِن العَشرالرَّابِع، مِنَ المِأَة الرَّابِعَة، مِنَ الأَلفِ الثاني، مِن اللَّيلِ الإِثنَى عشَرمِن ربيعِ الأَوَّل، أَطالَ اللهُ عمُرَهُ وجَعَلَهُ وسيلَةَ وصولي إِلَيهِ، بِجاهِ نبيِّهِ لَديهِ ،        وأَنا الفقير: ابن الشيخ محمود الخرپاني   ( مصطفى )**

لێرەدا کۆمەڵە مژدەیەکی تێدایە کە بەخەتی پیرۆزی جەنابی شێخ مصطەفا (باوە موفتی) دراوە کە دەفەرموێت:  ئەمە بەخشینێکی تایبەتی خوداییە، ئێمەی بەسەرکردۆتەوە، وە ئێمە ناومان ناوە (خالد) کە ئەو شێوە نوسینەی خوارەوە ئەوە دەگەێنێت کە لە ساڵی ١٣٤٣ی کۆچی شەوی دوانزەی ڕەبیعی یەکەم کە شەوی لەدایك بوونی حەزرەتی پێغەمبەر(صەڵات و سەلامی خودای لەسەربێت) خالید لەدایك بووە خودا تەمەن درێژی کات و تەمەنیشی درێژ دەبێت وە دوا مژدەیش ئەوەیە کە پشت بە خودا کردوویەتی بە وەسیلەی گەیشتن بە حزووری خودا لەبەر خاتری حەزرەتی پێغەمبەری خودا (صەڵات و سەلامی خودای لەسەربێت) ئامین .


١٣١٩
لقد اعاد الله علي بعوائد الطافه البهية باعطاء ابن مسمى بخالد في السنة الثالثة من العشر الرابع من المأة الرابعة من الالف الثاني في الليل الاثني عشر من ربيع الاول اطال الله عمره وجعله وسيلة وصولي اليه بجاه نبيه لديه آمين
وانا الفقير ابن الشيخ محمود الخرپاني مصطفى

کەواتە جەنابی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی لە شەوی ١٢ی ربیع الأول ی شەوی

پیرۆزی جومعەدا لەدایك بووە، بەرامبەری ١٢_٣_١٣٤٣ کە ڕێکەوتی ١٠_١٠ی١٩٢٤ی زاینییە، واتە لە ٢٨_٨_٢٠٠٤ واتە: ١٢ی ڕەجەبی ١٤٢٥کۆچی وەفاتی کردووە کەواتە تەمەنی هەشتا ساڵ و یەك مانگ و دوانزە ڕۆژ بووە بە مێژووی زاینی، وە هەشتاو دوو ساڵ و چوار مانگ و یەك ڕۆژە بە مێژووی کۆچی

منداڵێکی پاك و بێگەرد لە باوەشی دایکێکی بەسۆزو میهرەبان، کە لەڕووی دیانەت و عیففەت و خوداناســیيەوە کەم وێنەبووە، چونکە نایلە خاتوون کچی شــێخ قادری شــێخ محەمەدی شــێخ عەبدوڵلایە کە شــێخ محەمەد کچە زای حەزرەتی سیراجەددینی تەوێڵەبووە، کەواتە جەنابی باوکم لەسەرێکەوە کوڕەزازای حەزرەتی شێخ عەبدوڵلای خەرپانیە و لەســەری دایکیشــەوە کچەزازای حەزرەتی شــێخ عوســمانی ســیراجوددەنی تەوێڵەیە  لە ناو ماڵێکدا کە کۆمەڵە برایەکی گەورەی هەبوو، جەنابی شێخ محەمەد و شێخ ئەحمەدی موفتی و شێخ جەمیلی موفتی کە هەرسێکیان کاکەی ئەم کۆرپە خاوێنەبوون و لەباوەشی خۆیان دەگرت و سوپاسی خودایان دەکرد کەوا برایەکی دیکەشیان بۆ پەیدابوو کەپشت بەخودا دەبێتە  مایەی بەردەوامی ئیحســاناتی باوباپیرانی و دڵخۆشــیش بوون بەوەی کە جەنابی موفتی باوکیان بەم شــێوەی ســەرەوە لەســەر لەدایکبوونی براکەیان نووسیوەیەتی.

# ناوو نەسەب و شۆرەتی جەنابی موفتی

**ناوو نەسەبی بەڕێزیان (خوا دەرەجاتی عالی کات) شێخ خالید کوڕی شێخ مصطەفا کوڕی شێخ مەحمود کوڕی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی کوڕی سەید ئیسماعیلی کوڕی شێخ محەمەدە کۆستەی کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید خضری کوڕی سەید ئووەیسی و کوڕی سەید نورەددین ی کوڕی سەید موستەفای کوڕی سەید صەلاحەددینی وکوڕی سەید عیوەضی...کوڕی سەید**

**علاءالدین ی  کوڕی سەید عیوەضی کوڕی سەید نورالدین ی کوڕی سەید ألیاس ی کوڕی سەید سیف الدین کوڕی سەید أحمد ی کوڕی سەید شمس الدین ی کوڕی سەید علاءالدین ی کوڕی سەید خضری کوڕی سەید یوسف ی کوڕی سید علي کوڕی سید مەحمودی کوڕی سەید محمدی کوڕی  سەید محمدی کوڕی سەید ئیمام حەمزەی کوڕی ئیمام موسای کاظم ی کوڕی ئیمام جعفری صادق ی کوڕی ئیمام محمد ی باقری کوڕی ئیمام سەید زین العابدین ی کوڕی سیدالشهداء ئیمام حسین ی کوڕی ئیمام علي ابن أبي طالب ، کەدایکی حەزرەتی حوسەین حەزرەتی فاطیمەی کچی حەزرەتی پێغەمبەرە** (صەڵات وسەلامی خودای لەسەر بێت )، کە لەم شەجەرە پیرۆزەیاندا بە ڕوونی ڕشتەی باوباپیرانی نووسراوەتەوە تا دەگاتە سەر حەزرەتی حوسەین ی کوڕی حەزرەتی فاتیمەو لەگەڵ ڕشتەی حەزرەتی پێغەمبەر  دا  (صەڵات وسەلامی خودای لەسەر بێت ) یەکدەگرنەوە .

# ماڵی شێخ موستەفای موفتی

لەناو ئەم ماڵە گەورەیەدا و لەپاڵ ئەم باوك و براو خزمە دڵسۆزانەدا شێخ خالید وردە وردە چاو هەڵدەهێنێت بە دنیادا و یەکەم شت کە فێر دەبێت سەردانی بەردەوامی مزگەوتی جامیعە دەبێت، کە لەوکاتەدا تەنها مزگەوتێك جومعەی تیاکرابێت لە شاردا پێی دەوترا مزگەوتی جامیعە، لەوێدا پەروەدە دەبێت و باوکی دەیخاتە بەر خوێندن بە دەستووری ئەوکاتەی فەقێیەتی.

وە لەناو ماڵ و میوانی زۆردا گەورە دەبێت بۆیە فێری خزمەتی میوان و میوانداری و سۆزو خۆشەویستی دەبێت، فێری گەورەو بچووکی دەبێت، فێری پێشوازی لە میوانە گەورەکان دەبێت کە ماڵی موفتی ڕۆژ نەبووە میوانی گەورەی وەك حەزرەتی ضیائەددین و حەزرەتی عەلائەددین و حەزرەتی نەجمەددینی تێ

نەیەت، یان زانا گەورەکانی وەك شێخ بابە عەلی تەکیەیی و مامۆستا شێخ عومەری قەرداغی و مامۆستا شێخ عومەری شێخ لەتیف و مامۆستا شێخ عەبدوڵلای چرۆستانی و مامۆستا مەلا عەزیزی پریس و مامۆستا شێخ بابەڕەسووڵی بێدەنی و مامۆستا شێخ عبدالکریمی صۆفی و مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیسی بیارەو دەیان زاناو کەسایەتی و شێخانی طەریقەت و پیاوماقوڵانی ناوچەکە.

شـــانازییەکی گەورەیە بۆ هەڵەبجە کە یەکەم شـــاری کوردوســـتانە دوای بیارەی شەریفە کە بە کوردی وتاری جوعەی تێدا بخوێنرێتەوەو لە سەرەتاوە جەنابی مامۆســـتا شـــێخ جەمیلی موفتی بۆ ماوەی دوانزە ســـاڵ پاش ئەویش بۆ مامۆستا شێخ خالیدی موفتی کە بە کوردی وتاریان لە مزگەوتی جامیعەوە دەدا. جەنابی مامۆستا مەلا عبدالکریمی بیارە داینابوو بەکوردی لەسەر فەرمانی حەزرەتی عەلائەددین (قَدَّسَ اللّٰهُ سِرَّهُ) کە ئەگەر دام و دەزگاو ناوەندێکی ڕۆشنبیری دیکە ئەم کارەی بکردایە لە هەموو کوردستاندا بە شکۆمەندی باسی لێوە دەکرا، بەڵام ئێستا وەك دەبینین موسوڵمانەکان خۆیشیان هەندێکیان تووشکی پەرکەم دەبن کە باسی خێرو چاکەی بیارەی شەریفە بکەن، بەڵام بیانەوێ یان نا تەنها لە مزگەوت و ناوەندی خانەقا پیرۆزەکانەوە هەموو جۆرێکی ڕۆشنبیری و نیشتیمان پەروەری بڵاوبووەتەوەو کورد هەستی بە بوونی پێناسەی نەتەوەیی خۆی کردووە، لە مێژووی هەزارو سێ صەد و پەنجاو حەوتی کۆچیدا موفتی لە دونیا دەرچوو، (رحمه الله وطاب ثراه) [1]، بەم پێیە وەفاتی مامۆستا شێخ موستەفای موفتی لە ١٨ی٢ی١٣٥٧بووە، کەواتە ئەو کاتە مەرحوومی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی تەمەنی گەیشتۆتە چواردە ساڵ، بەو پێیە لە ساڵی ١٩٢٤ لەدایك بووە.

---


(١) بنواڕە : ڕۆژگاری ژیانم : یاداشت و بیرەوەریەکانی مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەڕیس ل ٢١٢.



وێنەی گەنجێتی جەنابی موفتی


# سەرەتای خوێندنی جەنابی موفتی

یەکێك لە بنەماڵەی موفتیدا پەروەردە ببێت دەبێت یەکەم شت گرنگی بە خوێندن و خۆندەواری بدات، بۆیە هەر کە جەنابی شێخ خالید فامی کردەوە ناویانەتە بەر خوێندن و موفتی باوکی بەخۆی چاودێری دەکرد، وە لە مەدرەسەو حوجرەی خۆیا ندا کتێبە سەرەتاییەکانی خوێند، پاشان بەپێی یاساو ڕێسای ئەوسا فەقێ دەبوایە دوور لە سۆزی باوك و دایکی بخوێنێت بۆ ئەوەی دڵی هەمیشە لای خوێندنەکەی بێت، ئەوسا قوتابی و فەقێ زیاتر بە نازی مامۆستا پەرەوەردە دەبوون، بەڵام مەرحومی باوکم بە هۆی کێشەو گرفت و زیندانی کردن و کۆچکردنی جەنابی موفتی باوکیەوە ئەویش هەندێك جار بە ناچاری لە خوێندن دووردەکەوتەوە، کە هەر بە منداڵی ناچاردەبوون کەسابەت بکەن و بژێوی ژیانی خۆیان و ئەو ماڵە گەورەو میوانە زۆرانە دابین بکەن.



مامۆستا شێخ خالیدی موفتی سەرەتای خوێندنی لە مزگەوتی جامیعە و مزگەوتی خانمدابووە، لە خزمەت جەنابی مامۆستا شێخ ڕەسوڵی تەکیەیی خاڵیدا

خوێندوویەتی و پاشان ماوەیەك چووتە مەدرەسەی بیارەی شەریفەو دواتر گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجەو پاشان ماوەیەکی باش لە مەدرەسەی عەبابەیلێ خوێندوویەتی لە خزمەت مامۆستا شێخ بابەڕەسوڵی بێدەنی ومامۆستا شێخ سەلامی عەبابەیلێ و. لە گوندی پریسیش لە مەدرەسەی مامۆستا مەلا عەزیزی پریس خوێندوویەتی و مامۆستا چەندێك دڵسۆز و خۆشەویستی جەنابی شێخ موستەفای موفتی بووە ئەوەندەش بە دڵسۆزی لەگەڵ جەنابی موفتی باوکم بووە و بە دڵسۆزی دەرسی پێ وتووە.



پاشان جەنابی موفتی بۆ خوێندن دەچێت بۆ سلێمانی و ماوەیەك لە مزگەوتی شێخ سەلام خوێندی لەخزمەتی **مامۆستامەلا ڕەحیمی پەرخیدا** (خوادەرەجاتی عالی کات) کە بەڕاستی تەنها بەبینینی ناوچەوانی پاکی و ڕووی نوورانی و قسەو گوفتاری نەرمی و زانستی و بەهرەی زۆری ساتێك لە خزمەتیدا بویتایە هەرگیز تێرت نەدەخوارد لێی مامۆستا مەلاصدديق ی پەرخی دەفەرموێت: بەردەوام ئەو کاتانەی بە فەقێیەتی و موستەعیددی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی لە مزگەوتی شێخ سەلام بوو لە سلێمانی باوکم دەیخستە پێشەوەو تا ئەو لەوێ بوایە حەزی نەدەکرد ئیمامەت بکات و ئەو دەیکرد

هەروەها لە خزمەت مامۆستا مەلا عبدالكريمی مودەڕیس(بیارە)و مامۆستا مەلا صاڵحی تریفە و مامۆستا مەلا عەزیزی پریس و مامۆستا مەلا ڕەحیمی پەرخی و مامۆستا شێخ نووری شێخ بابە عەلی تەکیەیی مامۆستا مەلا حەسەنی عەبابەیلێ و مامۆستا شێخ عبدالوهاب ی نێرگسەجاڕی و مامۆستا مەلا عارفی بیاوێڵە و مامۆستا مەلا محەمەدی (دارالإحسان) و مامۆستا مەلا بەهای بیارە و

گەلێ زانای ناوداری دیکە کە لە قۆناغەکانی خوێندنیدا سوودی لێ وەرگرتوون.


بە هەموو سنووری پارێزگای سلێمانی و قەزاو ناحیەکانی دەوروبەریدا گەڕاوەو شەونخوونی کێشاوە بۆ خوێندن و وەرگرتنی زانیانری.

هاوڕێکانی کاریگەری زۆریان هەبووە لەوەدا کە ڕایانکێشاوە بۆلای خۆیان چونکە ە مانەوەی فەقێیەتیدا لەگەڵ دۆست و هاوڕێکانیدا زۆر بە خۆشی کاتیان لێ دەڕۆیشت، هەموو حەزیان بە ڕەفاقەتی شێخ خالیدی موفتی دەکرد، لەبەر ئەوەی کە سەییدو ئەولادی حەزرەتی پێغەمبەر بوو،(صەڵات و سەلامی خودای لەسەر بێت) وە لەبەر ئەوەی کە ڕەوشتێکی بەرزو جوان و شیرینی هەبوو، وەلەبەر ئەوەی کە زۆر نەرم ونیان و لەسەر خۆبوو، وە تابڵێیت دەنگی نەرم و هێوربوو، وە لە هەموان زیاتر خۆڕاگرو بەتەحەممول بوو، بەرگەی هەموو ناڕەحەتیەکانی دەگرت. کەم وارپێدەکەوت وەڵامی قسەی ڕەق و ناشیرینی دابێتەوە کە بەرامبەری کرابێت، زۆربەی ناسۆرو ناڕەحەتیەکانی لە ناو سینەی خۆیدا دەهێڵایەوەو کەم وارێدەکەوت دەردەدڵی خۆیشی بۆ کەس بەیان بکات، بۆیە هەموو حەزیان بەڕەفاقەتی دەکرد چونکە چەند صیفەت و خەسڵەتێکی دیکەیشی تێدابوو بە دەگمەن لە ناو فەقێکاندا هەمووی یان زۆربەی کۆدەبوویەوە، لەوانە ئازایەتی و شەهامەت بوو، هەروەها نەترسی و بەرچاوقایمی بوو، سڵی لە هیچ مەترسی و ناڕەحەتییەك نەدەکردەوە.


زیرەك بوو، دەرسەکانی بەشێوەیە ڕەوان دەکرد کە سبەینێ بتوانێت بیانڵێتەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا زیاتر لە هەمووی دەنگی خۆش بوو، بەڵکو دەنگی ناوازەو بێ وێنەبوو، ڕۆژانی سێ شەممە کە ڕۆژو شەوی نەقشبەندییانە بە قەصیدەو مەقامە خۆشەکان دڵی هەموانی ڕاکێشابوو بەلای خۆیدا و هەمیشە مامۆستاکان حەزیان دەکرد ئەم گەنجە دڵگەرمە دەنگخۆشە بە ڕەوشت و بەئەدەبە لە حوجرەکەیاندا بێت، دەیانجار مامۆستا مەلا کەریمی بیارە دوای دەرسەکان دایدەناو (خاڵە ڕێبواری پێ دەوت) کە دێینەوە سەری .

ئەمەش نموونەی خەتی جەنابی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی یە کە لە ساڵی ١٣٦٦دا لە بیارەی شەریفە خوێندوویەتی لە خزمەت جەنابی مامۆستا مەلا عبدالکریمی بیارە دا (أعلَى اللهُ مَقامَهُ) کە خۆی مێژووەکەی نوسیوەو جەنابی مامۆستا محەمەدی مەلا عبدالکریم کە بە (مودەڕیس زادە)خۆی دەناسێنێت و لە پەراوێزی کتێبە دەستنووسەکەی جەنابی موفتی دا دەنوسێت:

**بەڕاستی گەورەو پشت و پەنام شێخ خالیدی موفتی نووسینەوەی ئەم کتێبەی تەواوکرد لە کاتژمێری پێنجی ڕۆژی چوارشەممە لە ڕۆژی بیست ودووی مانگی شەووالی پیرۆزساڵی هەزارو سێصەدو شەست و شەش نووسەر محەمەدی مەلاکەریم، مودەڕیس زادە ٢٧-١٠-١٩٤٦ی زاینی.**


حمداً لله سبحانه ونفعل أوقاتنا سعيدة وعاقبتنا
حميدة وعافنا من بلائه بحرمة سيد المرسلين عليه وآله وصحبه
الصلاة والسلام إلى يوم الدين وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين
قد تمت كتابة هذا الكتاب المسمى بمفتاح المعارف لأصحاب العوارف
في حجرة المدرسة المكرمة في بيارة في سنة ١٣٦٦ ٢٢ شوال
في الساعة الخامسة في ليلة الأربعاء على يد أحقر الطلاب
خالد بن المفتي

لقد أتم سيدي وسندي الشيخ خالد المفتي كتابة هذا الكتاب
في الساعة الخامسة في ليلة الأربعاء في الثاني والعشرين
من شهر شوال المكرم سنة ألف وثلثمائة وستة وستين
الداعي
٢٧/١٠/١٩٤٦م مدرس زاده


سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد
لله رب العالمين صادف اختتام كتابتها
يوم الثلثاء في سنة الف وثلثمائة وست وستين
في شهر ذي القعدة
على اصغر الطلاب خالد ابن الشيخ
مصطفى بن الشيخ محمود بن
الشيخ عبد الله
الخرپاني

ئەوەش زیاتر پێگەی بەرز کردۆتەوە کە وە ئەوەش وێنەی دەسخە تی جەنابی موفتی یەلە قۆناغی فەقێیەتیدا لە ڕۆژی سێشەممە ساڵی هەزارو سێ صەد و شەست و شەش لە نۆی مانگی ذی القعدة لەسەر دەستی کەمترینی قوتابی خالیدی کوڕی شێخ مصطفی کوڕی شێخ محمودی کوڕی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی .

کوڕی موفتی هەڵەبجەو لە خانەوادەی حەزرەتی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی بووە ، جگە لەوەی کە قسەزان و نوکتەبازو شارەزای ڕەوانبێژی و لەغەزو موعەمما بوو، شارەزای وتنی شیعرو پەخشان و هۆنراوەی جوان بوو، لەغەزو نوکتەکانی مەلای باش و بەتوانای دەویست کە لێکی بداتەوەو شیتەڵی بکاتەوە، لەبەر هەموو ئەم خەسڵەتە باشانە

لە ئاستی زانا و فەقێکان و کەسایەتی و پیاوماقوڵان و شێخانی طەریقەت و سیاسەتمەدارانی وڵات و گەورەیان و دەستەڵاتداران ڕێزو تەقدیرێکی زۆری لێ گیراوە و پەیوەندی بەردەوامیشی لەگەڵ هەموو چین و توێژێکدابووە هیچ لاو توێژێکی میللەتەکەی فەرامۆش نەکردووە.[١]،

---

(١) بنوارە: هەوارگەی دڵ. ژیانی مەردی ڕۆژانی سەختی جەنابی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی ل/٩٧ تا ١٠٧ دانروای شێخ موحسیبن موفتی چاپی یەکەم ٢٠٢٢ . کە ژیاننامەی هەموو مامۆستاکانی نوسراوەو زۆر بە درێژی ئەو بابەتانە ڕوونکراونەتەوە .

مامۆستا مەلا عەبدوڵلای کوڕی مامۆستا مەلا محەمەدی دارالإحسان دەفەرموێت:
جەنابی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی زانایەکی بەهرەداربوو بەتایبەتی لە زانستەکانی ڕێزمانی عەرەبی و ڕەوانبێژی و ئاداب و فیقهـ و زانستی ئصولدا، وە لە بواری خێرو چاکەدا هەمیشە دەستی کراوەبووە ، وە هەرگیز حەزی لە کاری حیزبایەتی و سیاسەت نەبووە، وە هەمیشە تکای لێ دەکردین خۆمان لە حیزبایەتی دووربخەینەوە، بەڵام زۆر حەزی لەوەبوو کە کورد بە ئاوات بگات و هاوکاری و یارمەتیدان لەنێوان موسوڵما ناندا ببێت و بەهاوبەشی کاری خێر ئەنجام بدەن.
مامۆستا مەلا عەبدوڵلای مامۆستا مەلا محەمەدی دار الإحسان دەفەرموێت:
بەڕاستی لەبواری عیبادەتدا خاوەنی تەقوابیەکی زۆر بوو، دەتوانم بڵێم موفتی هەمیشە دەستنوێژی هەبوو، وە ئەوکاتانەش کەلای باوکم فەقێ بوو نەمدیوە بەبێ دەست نوێژ دەرزێك بخوێنێت، هەمیشە دووڕکات سوننەتی دەکرد و ئیمجا دەستی بەدەرسەکانی دەکرد، وە لەبواری تەصەوفدا زۆر پێشکەوتووبوو، خاوەنی تاعەت و شەونوێژو زوهدو تەقوابوو، توخنی شتێك نەدەکەوت کە کەمترین شوبهەی حەرامی لێ بکردایە، وە من هەمیشە خۆم بە فەقێیەکی بچوکی جەنابی موفتی دەزانم چونکە سەرەتای خوێندنم لە خزمەت




ئەودا دەستم پێ کردووە، باوکم ئەوی زۆر خۆشدەویست و منیش تاقەکوڕی بووم منی دابوویە دەستی مامۆستا تا ئیظهار و کافییەم لە خزمەتی ئەودا خوێند.. وە هەمیشە ڕۆڵی چاکسازی هەبوو (خوا دەرەجاتی عالی کات) ئامین .

# جەنابی موفتی و هاوڕێکانی لە سلێمانی

کۆمەڵە هاورێیەکی گیانی بەگیانی هەبوو لە شاری سلێمانی و لە مزگەوتی شێخ سەلام و مامۆستا شێخ نووری شێخ بابە عەلی و مزگەوتی شێخ محەمەدی خاڵ و



مزگەوتەکانی دیکە، یەکێك لەوانە مامۆستا شێخ محەمەدی شێخ جەلالی قەرەداغی بووە، هەروەها مامۆستا مەلاسەید جەلالی شێخوئیسلامی بانە و مامۆستا شێخ محەمەدی خەطیبی سلێمانی کە بەڕاستی زۆر یەکترییان خۆش ویستووە،



بەتایبەتی جەنابی مامۆستا شێخ جەلال الدینی شێخولئیسلامی بانەبوو، کە زانایەکی بەڕێزو بنەماڵەیەکی موبارەك و لە ئەشراف و ساداتی وڵاتی بانەو نەوەی شێخ عبدالسلامی گەورەیە، کە بەڕاستی ئەتوت خودا بۆیەکی دروست کردبوون، زوبان پاراو، دەنگ خۆش ، خوێندەوار، نەجیب و ئەصڵ زادە، ڕەفاقەتی کەسانی دیکەیان زۆر پێ نەدەکرا، هەمیشە دڵیان بەیەك دەکرایەوە، پێکەوە سەعییان دەکرد و پێکەوە گەشت و صەفایان دەکرد، پێکەوە لە دانیشتنە زۆر تایبەتییەکاندا موناجات و مقاماتی خۆشیان دەوت، جەنابی موفتی مامۆستای مقام وتن بوو، مامۆستای دەنگ و ئیقاع و سەدای تایبەتی بوو، دەیتوانی

وەستایانە دەستەڵاتی بەسەر هەموو جۆرەکانی هێنان و بردن و خاوکردنەوەو تیژکردنی حونجورەکاندا ببێت وکە کەسانی وەك صاڵح دیلان و هاووێنەکانی لەگەڵیدا دەرنەچوون و نەیانتوانیوە کێبڕکێی لەگەڵ بکەن.

بۆیە هاوڕێ و مامۆستاکانیشی نەیاندەهێڵا لە شەوانی پشووی فەقێیەتیدا بحەوێنەوە ناوبانگی شیعرو مقاماتی جەنابی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی بەهەموو شوێنێکدا بڵاوبوویەوە، کاتێکیش دەڕواتە بیارەی شەریفە و لە خزمەت جەنابی مامۆستا مەلا عبدالکریمی بیارە دا دەیخوێند، مامۆستای مودەڕیس زەوقێکی ئەدەبی زۆر باڵای هەبوو، خاوەنی سروشتێکی نەرم و ناسکی زۆر بەنرخ و پڕ بەها بوو، حەزی بە دەنگی خۆش دەکرد، زاخاوی دڵی خۆی دوای ماندووبوونی زۆری دەرس وتنەوە بە هەندێك سیاچەمانەو قەتارو مقاماتی کوردی ئەدایەوە، بۆیە داوای لێ دەکرد کە هەندێك مقام و خاڵە ڕێبواری بۆ بڵێت، ئیتر مامۆستا لە ژێر کاریگەریی دەنگی زڵاڵ و لەحن و ئاواز و مقامەکانیدا و لەبەرانبەر حوزنی دەربڕینی پڕ لە هەستیاریی ناو دەروونی شێخ خالیدی موفتیدا سەری بۆ دەلەقاندو هۆن هۆن فرمێسك دەهاتنە خوارەوە لە گۆنا پیرۆزەکەیەوە .

دوای گەڕان بەسەر مەدرەسەکانی گوندی عەبابەیلێ و پریس و تریفەو بیارەی شەریفەدا لەپاشان هاتم بۆ سلێمانی، بۆ مزگەوتی مامۆستا مەلا ڕەحیمی پەرخی، کتێبی (جمع الجوامع)م دەخوێند، لەپاشان چوومە خزمەتی مامۆستا شێخ نوری شێخ بابە عەلی (أعلَى اللهُ مَقامَهُ) لەمزگەوتی شێخ بابە عەلی زۆر دەرس ڕەوان بوو بە هەموو هێزەوە هەوڵم دەدا کۆمەڵێ پرسیارو ئیشکالی تایبەتی بەیان بکەم تۆزێ دەرسەکە زیاتر بخایەنێت بەڵام ئەو بە بیست و پێنج دەقە دەرس و ئیشکال و کونەقەیدو هەموو مەسەلەو پرسەکانی شیتەڵ دەکردەوەو حاڵیشی دەکردم

پاشان دوا قۆناغی خوێندنی لە خزمەت مامۆستا مەلا صاڵحی تریفەدابووەو لە مەدرەسەی کانی عاشقان لە دووشەممە ٢٧ی٢ /ی١٩٥٦ ئیجازەی وەرگرت ...

**پێشتریش لە ساڵی ١٩٥١دا بڕوانامەی دەرچوونی دوانزەی)پێ بەخشراوە بە ئاستێکی زۆر بەرزلە لایەن لیژنەی زانستی بە سەرۆکایەتی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە سلێمانی.**

مامۆستا هەمیشە لە ڕیزی یەکەمی نیشتیمان پەروەراندا بووە زۆر جار دەیفەرموو:

نەنگە بۆ پیاوێ کەوا لەم خاکی کوردستانە بێ
قەومی خۆی ژێر پێ ببینێ و هەوڵی بۆ بێگانە بێ

نامەی نیشتیمانپەروەرییان لەگەڵ مامۆستا شێخ عەزیزی پاڕەزانیدا دەگۆڕییەوە کە لەوەڵامی هۆنراوەیەکی پاڕەزانیدا لە ٥(٥ی١٩٦٠دا گوڵبژێرێکی لێ دەکەین کە دەفەرموێت:

**بەنامەی عـــەزیزلە میصرۆ دەرچوو    ئەسەف وغەمـــــم لە دڵا دەرچوو**
**نووسینێــــکی پڕبە مەغـــزو مانا    هەناردت بۆمان ئەی دۆست ئەی جانا**
**چون بیروبڕوات تیـــایا دەرئەکـــەوت    دڵـــەی ئاگـــرمی تلانـۆلە نەوت**
**بەڵێ بەش کرا کوردوستـــــانی خۆش    بەهیوای چەوتیی بیرنەفام سەرخۆش**
**تا هۆشکـــراوە هۆشیـــان لێ کردن    سەروەتی خاکـــی وەتەنیان بردن**
**ئێستەش پیـــلانی ئیستیعمـــارەکان    نایـــەلێ یەك بن بە زۆڵـە کوردان**
**ئێوەش ڕەحم کـــەن بە دڵـەی هەژار    دڵخۆشـــی بکـــەن برام جاروار**
**قوڵپەی کـــوڵی دڵ تەسکیـنی نابێ    هەتـــا هەتایە ئەروتـــارت بێ**
**باشواتە پێشکـــەش بە خواتان بکەم    ووتـارکۆتا بێ ومەلـوولتان نەکەم**
**چونکـــەڕازی دڵ نایەتـــــە بەیان    لە ئێـــــوارەوە تا بەیـــان بەیان**

# پێکهێنانی خێزان

دوای ئەوەی جەنابی باوکم تەمەنی دەگاتە نزیکەی بیست و حەوت ساڵ ، جەنابی مامۆستا شێخ جەمیلی موفتی فەرمووی:

دەبێت خێزان دروست بکەیت هەموو ڕایان هاتبووە سەر ئەوەی داوای کچی

مامۆستا شێخ وەهابی نێرگسەجاڕی بۆ بکەن، هۆکاری ئەمەش یەکەم ڕەزامەندی و خۆشحاڵی جەنابی حەزرەتی عەلائەددین بووە، دووهەم پەیوەندی بەهێزی بنەماڵەی موفتی لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی نێرگسەجاڕدا.

حەرەمی مامۆستا شێخ وەهابیش لە خەویدا بە خزمەت مامۆستا شێخ وەهاب دەگات ودەفەرموێت:

حەبیبە خان! ئەو کچەی پێ بدە، واتە: بە شێخ خالید کە خوازبێنی کردووە، ئایا نابینیت ئەو خەتە سوورە بازنەییە؟ لە ڕۆژی ئەزەلەوە بە قەڵەمی قودرەتی ئیلاهی خەتیان بۆ کێشراوەو نسیبیان کەوتۆتە یەکەوە و بۆ یەك دانراون .

لە بیست و هەشت ساڵی و بیست و نۆ ساڵیدا خێزانی گۆاستۆتەوەو هەر لە ماڵی باوکیدا بووە کە بە ماڵی (باوە موفتی)بەناوبانگەو کاکەی مامۆستا شێخ جەمیلی موفتی سەرپەرشتی ماڵەکەو برا و خوشکەکانی کردووە.وە بیست و سێ ساڵی بەردەوام وتاری هەینی خوێندۆتەوە لە مزگەوتی جامیعەدا،لەوکاتەدا مامۆستا شێخ خالیدی موفتی دەرسی وتووەتەوەو پاشان خەتمەی کردووە و لە گەڵ براکانیدا کارەکانیان ئەنجامداوەو پاشان بۆ ماوەیەك مامۆستا شێخ نورالدینی موفتی وتار دەخوێنێتەوەو دواتر بۆ ماوەی نزیکەی بیست و پێنج ساڵ مامۆستا شێخ خالیدی موفتی وتاری جومعەیشی خوێندۆتەوەو خەتمەی بەردەوامی کردووە جەنابی موفتی هەموو دەرسەکانی حوجرەی وەك مەلەکە بۆ پەیدابووبو، چونکە زۆر بەباشی خوێندبوونی بەباشیش دەیوتەوە، پەلەی لە قوتابی نەدەکرد، تا ڕەوانی نەکردایە بەجێی نەدەهێشت، بۆ ڕۆژی ئایندەش تا لێی نەپرسایەتەوە دەرسی نوێی پێ نەدەوت، لەبەر ئەوە فەقێ و موستەعیدەکان ناچاربوون دەرسەکان ڕەوان بکەن، زۆر وردەکاریی هەبوو لە زانستی مەنطیقدا، وە هەموو دەرسەکانی دیکەی بەسەرکەوتوویی دەوتەوە، وە لە دەرسی زانستی (فرائض)دا پسپۆڕی تەواوی هەبوو، هەموو مەسەلەی میرات دەیانهێنایەوە خزمەتی جەنابیان بێ ئەوەی بە درێژایی تەمەنی دینارێکی لەیەك کەس وەرگرتبێت،

بە شیتەڵکراوی و لێکدانەوەی تەواو دەیناردەوە بۆ دادگا، کەبەڕاستی ئەمە یەکێك بوو لە پرسە هەرە گرنگەکانی ژیانی. تا بەهۆی کیمیابارانی هەڵەبجە وە ئاوارەی ئێران بوون و پاشانهاتنەوە بۆ سلێمانی و بەردەوام بوو لەسەر تەدریس و ئیمامەت و هەندێك جاریش وتاری خوێندۆتەوە و زیاد لە شەست مامۆستا لە خزمەتیدا ئیجازەی عیلمییان وەرگرتووە و تەمەنێکی پڕ خێرو بەرەکەتی بەسەر بردووە و لە گەنجێتییەوە تا کۆتایی ژیانی موریدێکی ڕاستگۆی بێ ئیددیعای دڵسۆزی حەزرەتی عەلائەددین و حەزرەتی سیراجەددین بووە (قَدَّسَ اللّٰهُ سِرَّهُما)

لە دوای هاوسەرگیری لەگەڵ خاتو عالیەدا پێنج کوڕو پێنج کچی بووە، دوانیان بە ناوی تەڵعەت و فاروق بە منداڵی وەفاتیان کردووە ، کوڕەکانیشی بە ناوی م. شێخ موحسین ، م.شێخ محەمەد، م. شێخ مادیح، م. د. شێخ حەسەن،کە تێکڕایان سوپاس بۆ خودا لە خزمەت باوکیاندا بڕوانامەی زانستییان وەرگرتووە و م. شێخ موحسینیش دیسان لە خزمەت مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا ئیجازەنامەی عیلمی وەرگرتووە، وە درێژە پێدەری ڕێبازی باوکیانن لە مەلایەتی و تەدریس و ڕینوێنی موسوڵماناندا، کچەکانیشی (لەمیعە خان و منیرە خان و شیرین خان و فەریدە خان، ئەوانیش هاوسەرگیرییان ئەنجامداوەو دواهەمیشیان ئیجازەی عیلمی لە خزمەت باوکی وەرگرتووە و ماستەریشی بەدەست هێناوە لە فیقهی ئیسلامیدا.

ساڵی ١٩٦٨ەوە تا ئێستە کە پەنجاو پێنج ساڵ دەکات، بنەماڵەی موفتی وەك کێوی هەورامان بە محەببەت و خۆڕاگری و دووری لە لایەن بازی و سیاسەتی هاوردەی تەییارە بەناو ئیسلامییەکان بردیانەسەرو لەپاڵ خزمەتی ڕێبازی شەریعەتی ئیسلام و طەریقەتی شاهی نەقشبەند و حەزرەتی سیراجەددیندا بەسەربەرزی مانەوەو ڕێزو ویقارو خۆشەویستی ناو دڵی خەڵك و هەموو دەسکەوتە دنیایی و مەعنەوییەکانیان لەدەست نەداو دەشتوانن لەسەرانسەری کوردستاندا بەسەر بەرزی بێ سڵکردنەوە لە هیچ دەستەڵاتدارو پارت و لایەنێك

بسورێنەوە بانگەشەی ڕاستی خۆیان بکەن وگەنجەکانیان ڕێز لەڕیش سپییەکانیان بگرێت و پیرەکانیان بە چاوی ئەولادو خۆشەویستییەوە سەیری ئەوانی دیکە بکەن

درێژایی تەمەنی مزگەوتی جامیعە بێجگە لە ڕۆڵی چاکسازی هیچ ڕۆڵێکی دیکەی نەبینیوە، بەڵام نەیارانیشی هەمیشە ڕۆڵی دژایەتییان بینیوە بەرامبەری، ویستیان لە مزگەوت دووری بخەنەوە، ویستیان دەیان کێشەی بۆ دروست بکەن، تا گەیشتە هەوڵ و پیلانی کوشتن و دەستڕێژیان لێکرد و کوشتیان خوا نەیکوشتو تەنانەت لە ناو خێمەی ئاوارەییشدا هەوڵیاندەدا پیلانی لە دژ بگێڕن.

مامۆستا شێخ خالیدی موفتی یەکێك بوو لە کەسە دەگمەنەکان لە هەندێك ڕووەوە بەتایبەتی لە ڕووی ئەخلاقی و ڕەوشت بەرزییەوە، لە ڕووی مامەڵەی نەرمی لەگەڵ بەرامبەرەکان، لە ڕووی گرنگیدانی بە خۆشەویست و دۆستەکانی، وە کەسێکی موتەواضیع بوو، توانایەکی باشیشی هەبوو لە ڕووی زانستییەوە کە قوتابی و فەقێکانی سوودی زۆریان لێ دەبینی، وە لە ڕووی ئیصلاحی کۆمەڵایەتیشەوە مامۆستا شێخ خالیدی موفتی سوودێکی زۆری لێ دەبینرا، حەزی لە ئاشتی بوو، حەزی لەوە دەکرد کە کێشە دروست نەبێت، بەڵکو نەیهێڵێت و تەشەنە نەکات. تەنانەت لەگەڵ ئەوانەشدا کە بیرکردنەوەیان ڕەنگە لەگەڵیاندا جیاواز بووبێت ئەو ڕێزی لێ دەگرتن، وە کەسێکی موصلیح بوو کێشەی دەوروبەری خۆیی چارەسەر دەکرد.

لە ڕووی زوهد و تەصەووفەوە مامۆستا مەحسوب بوو لە سەر مەدرەسەی نەقشبەندی کەسێك بوو کە زاهید بوو، وە لەگەڵ بنەماڵەی نەقشبەندی و مەرحومی جەنابی شێخ عوسمانی نەقشبەندی پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو، وە سوودیشی لە سلوك و ڕەفتای جەنابیان وەرگرتبوو،

وە یەکێك لە ڕەوشتە بەرزەکانی ئەوەبوو کە گوێی لەبەرامبەری دەگرت، تەنانەت منداڵیش بوایە قسەی پێ نەدەبڕی و بە گرنگییەوە گوێی بۆ ڕادەگرت، فیزو دەعیەی نەبوو ، خاکی بوو لەگەڵ ئەوەشدا کە حەزی لە سوعبەت و قسەی

خۆش دەکرد زیادەڕەویی تیا نەدەکرد و بە ویقاریش بوو، هاوسەنگی ڕادەگرت و ئەودوو لایەنەی لەخۆیدا کۆکردبوویەوە و زیادەڕەوی لە قسەو نوکتەدا نەدەکرد.

لە ڕووی تێکەڵی سیاسەت و حیزبایەتییەوە مامۆستا خۆی دوور دەگرت، چونکە ئەو لەسەر ڕێبازی نەقشبەندی بوو، وەموریدانی جەنابی شێخ عوسمان دووربوون لەبواری سیاسی و تێکەڵبوون لەو لایەنەوە [١].

هەمیشە بە ئەدەبەوە دادەنیشت، یەکێك میوان بوایە لە پاڵیدا هەرگیز نەمدیوە قاچی ڕابکێشێت، بەرزە پێ لەبەر میوان هەڵدەستا، بۆ خواحافیزی تا بەردەرگا بەدرەقەی دەکرد و بە ڕێزەوە خواحافیزی لێ دەکرد، هەمیشە بەدەنگی نەرم و سووکەوە و دەم بە خەندەو پێکەنینەوە قسەی دەکرد، تەنانەت وتارەکانیشی هاتوهاواری تێدا نەبوو، بەنەرمی وتاری دەدا، دەیتوانی دەنگ بەرزکاتەوە بەڵام بۆ جێگەی خۆی بەکاری دەهێنا، بۆ نموونە کە قورئانی دەخوێند لە پێشەوە زۆر بە نەرمی بۆی هەڵدەستا، وردە وردە دەنگی بەرزدەکردەوە تاوای لێ دەهات وات دەزانی دەنگی هەورە گرمەیە ئاوا هەڕەشەی خودایی بەسەریەوەیەتی و ترس و بیمێك ڕووی تێ دەکرد کەم کەس هەبوو گوێی لێوە بوایە و نەگریایە، تەنانەت دڵی ڕەقیشی نەرم دەکرد.

هەمیشە جەنابی موفتی هاوڕێی فەقێکانی بووە، لە ئەولادی خۆی زیاتر خۆشی ویستوون و ڕێزی لێ گرتوون، جەنابی موفتی هەرگیز زەکات و سەرفیترەی لەکەس وەرنەگرتووە، بە درێژایی تەمەنی زۆر پێویستی ژیانی بووە لەکەس خەڵات و بەراتی وەرنەگرتووە، ڕەفاقەتی لەگەڵ هەرکەسێکدا بوایە تا ئەو وازی لێ نەهێنایە ئەم هەرگیز پشتی تێ نەدەکرد، موسوڵمانێکی سادەی لە خۆی زۆر بەلاوە چاکتربوو، زۆر دڵ نەرم بوو، لەگەڵ مورید و صۆفییەکاندا دائەنیشت نەتدەزانی کامەیان

---

(١) بنواڕە: هەوارگەی دڵ. ژیانی مەردی ڕۆژانی سەختی جەنابی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی ل/٢٨٣ بەدواوە دانروای شێخ موحیبن موفتی چاپی یەکەم ٢٠٢٢ .

زانایە و کامیان عەوامە، مەگەر بەبەرگەکەیاندا لێکیان جودا بکردنایەتەوە.

پەیوەندی لەگەڵ دۆستەکانی هەبوو بە جیاوازی نەتەوەکانیانەوە، لە تورکمان سەحراو طالش و سنەو بەغداد و کەرکوك و ڕومادی و سلێمانی و هەورامان و بانەو سەقزو شارەکانی دیکەوە دۆست و خۆشەویستانی هەبوو، نامەیان دەگۆڕییەوەو سەردانی یەکترییان دەکرد و لەیەکیان دەپرسییەوە.

دانیشتنی لەگەڵ پیاوی هەژار و بێدەست و موریدی ڕەش و ڕووتی لا خۆشتر بوو لە هەموو گەورەو دەستەڵاتدارو دەوڵەمەندەکان، صەدان جار لەیادمە کەلەگەڵ هەژارێکی صۆفیدا ، لەگەڵ موریدێکی مەجزووبدا بەسەعات پێکەوە سەریان دەکرد بەیەکاو دەگریان و ڕازو نیازیان لەگەڵ یەکتری بۆ یەك دەگۆڕییەوە، بۆیە هەمووکاتێك موریدە هەژارەکانیش سەردانیان دەکرد و بەجێیان نەدەهێڵا.

پەیوەندی ڕۆحی و شیعریش کەوتە نێوانیانەوە، جاری واهەبوو کە مامۆستا شێخ خالیدی موفتی گەنجێتی دەمی لەهەندێ مەسائیلی لەغەزو نوکتەی تایبەتی ئەدا ، قسەو بۆچوونەکانی زۆر ورد بوو... بێخود دەیفەرموو:

بنوارن ئەوە خالیدە ئاوا قسەدەکات و ئەو قسە جوانەی هێناوەتەوە، ئیتر پەیوەندییان تا بهاتایە زیاتر دەبوو تا ئەوەی کە بێخود (خوا دەرەجاتی عالی کات) کە وەفاتی کرد بۆنەیەکیان بۆ گێڕاو جەنابی موفتی باوکیشم ئەو تاکە بەیتەی بەو بۆنەوە نووسی و فەرمووی: شەو بە خزمەتی گەیشتم لە خەومدا فەرمووی: بۆ نەهاتیت، وتم: بۆنەی چلە بوو بۆیە نەهاتم بەلامەوە شەرعی نەبوو، بەڵام من ئەم بەیتەم بۆ وتوویت:

**گەردەپرسی چەندە تەئریخی وەفاتی بێ (سحب)**

**وا لە ماهی جەننەتا بێخود طوفەیل و ساکینە**

ئەفەرموێت: زۆری پێ خۆش بوو وە بەدڵی بوو. کە بە حیسابی ئەبجەدی مێژووی وەفاتی مامۆستا مەلا مەحمودی بێخودی دیاریکردبوو،

هەمیشــە جەنابی موفتی خۆشــەویســتیی حەزرەتی پێغەمبەری (صــەڵات و ســـەلامی خودای لەســـەربێت) لە ناخ و دڵ و گیاندابووە، بۆیە زۆر جار پەنای پێ بردووە، زۆرجار بە خزمەتی گەیشتووە و هاتووە بە دەمیەوە.

جەنابی موفتی زۆرکات قەڵەمە جوانەکەی لە خۆشەویستی حەزرەتدا



(صەڵات و سەلامی خودای لەسەربێت) بەکاردەهێناو دەنگە خۆشەکەیشی لە مەدح سەناو ستایشیدا هەڵدەبڕی و هەرگیز ماندوونەدەبوو ئەگەر یادی حەزرەتی پێغەمبەریان بکردایە تەوە، ئای کە مەولوود نامەکانی فەریحی و ئاسوودەیی بە دڵی هەوادارانی پێغەمبەر گیان دەگەیاند، لەگەڵ براشیرینەکەی مامۆستا شێخ نورالدینی موفتی ئاسمانی وڵاتیان نوورانی دەکرد و دڵی هەستیارانیان دەهەژاند و چاوی عاشقانی پێغەمبەریان دەگەشاندەوە وچریکەی دەنگی هاوشێوەی سەیدعەلی ئەصغەری کوردستانی بوو.

لەکاتی هاتنەوەی حەزرەتی شێخ نوێنەری حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەددین بوو بۆ بەخێرهاتنی وەزیری ئەوقاف و مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و میوانەکانیدیکە، دەیان نامەو ڕاسپاردە هەبوون لە نێوانی حەزرەتی شێخ و مامۆستا شێخ خالیدی موفتیدا.

وە تەواوی نامەو وەسیقە کان لە پەڕاوی هەوارگەی دڵدا بڵاوکراونەتەوە.

مامۆستا چەند جارێك تووشی گرتن و ئازاردان بووە لە زەمانی ڕژێمی بەعسدا، لە ١٣_٥_١٩٨٧دا گرتیان و لە هەڵەبجە وە بە کۆپتەر گواستیانەوە بۆ سەرلابازگای نزیك سلێمانی کە ئیعدامی بکەن و دوا چرکە خوا ڕزگاری کرد.

وە لەگەورەترین ڕۆژانی مەترسی کە ڕووبەڕوی هەڵەبجەییەکان بوویەوە مامۆستا شێخ خالیدی موفتی سەرۆکی ئەو لیژنەبوو کە چوونە لای عەلی کیمیایی و قسەی هەقیان کردو بەرگریان لە خەڵکی هەڵەبجە کرد و درێژەی ئەو بابەتە لە هەوارگەی دڵدا نوسراوە.

وە لە مەرگەساتی هەڵەبجەدا لە ١٦_٣_١٩٨٨ ئاوارەی شاری کەنگاوەری کوردوستانی ڕۆژهەڵات بووە و لەوێیش مزگەوت حوجرەی پێك هێناوە و وەك کەسانی دیکە میللەتەکەی بە جێ ناهێڵێت بۆ خۆی لە خۆشیدا بژی و ئەوانیش لە ناو مەینەتدا، بەڵکو تا دەگەڕێتەوە ئەو هەشت مانگە چەندێکیش داوای لێ دەکرێت هەر لە ناویاندا دەمێنێتەوە.پاشان دەگەڕێتەوە و لە سلێمانی نیشتەجێ دەبێت لە گەڕەکی ئیسکان و مەزگەوتی عومەری کوڕی خەتاب بەردەوام دەبێت لە تەدریس و وەزیفەی ئاینی،

مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە دروستکردنی یەکێتی زانایان لە گەڵاڵە لە زەمانی مەلا مستەفای بارزانیدا، وە دواتریش لە کۆنگرەی دووهەم بووە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی و بەرپری لقی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٦و ئیجازەنامەی دە مەلا لەلایەن جەنابی موفتی یەوە لە مزگەوتی ئیسکان خوێنرایەوە

مامۆستا لە ساڵی شلەکانەوە موریدی حەزرەتی عەلائەددین بووە (قَدَّسَ اللهُ سِرَّهُ) وە پاتریش مورید و متمانە پێکراوی حەزرەتی سیراجەددین بووە و لە هەر مزگەوت و جێگایەك بووبێت سەرحەلقەی خەتمە بووە و ئەنجامی داوە.

لە ڕێڕەوی ژیانی پڕ لە خزمەتیدا زیاتر لە ٣٠٠ (سێ صەد)فەقێ یان بڕوانامەیان لە خزمەتی وەرگرتووە، یان زۆر بەهرەمەندبوون لێی، وەك لە ماستەر نامەی کتێبی (**الشيخ خالد المفتي وجهوده العلمية ___دراسة تحليلية**)ناوو ناونیشانەکانیان تۆمار کراوە.

لە ماوەی خزمەتی پەنجا ساڵەیدا کە تەدریسی کردووە چەندین بەرهەمی زانستیشی لێ بەجێماوە، وەك : تلخيص كتاب(**بداية المجتهد ونهاية المقتصد**)، ٢_

**رسالة في علم( الكلام, ٣_رسال' في أصول التفسير), ٤_رسالة في علم مصطلح الحديث, ٥_ رسالة في علم أصول الفقه, ٦_ رسالتان في علم البلاغة، ٧_ رسالة في علم أَلآداب ,٨ رسالة في علم التجويد ٩_ رسالة في علم العروض ١٠_ ديوان شعري ١١_ڕاڤەی قەسیدەی بوردییە، ١٢_ زنجیرەی وتاری ئاینی کە صەدان وتاری نوسراو دەبێت ؟**

وە زۆرێك لە کتێبە زانستییەکان بە خەتی جوانی خۆی نوسیونیەتیەوە کە لە گتێبخانەکەیدا پارێزراون، لەوانە: **١_بردە المديح، ٢_متن تهذيب المنطق, مدونة الحواشي على شرح الگلنبوي)** .

مامۆستا سێ جار فەریزەی پیرۆزی حەجی ئەنجامداوە گەشتی زانستی و ئاینی و تەصەوفی کردووە بۆ ئێران و حیجازو تورکیاو عێراق .

وەلە زانستە ئیسلامی و عەرەبیەکاندا زۆر سەرکەوتوو بووە بە تایبەتی لە زانستی فیقهـ و عەقیدەو مەنطیق و تەفسیروبەلاغەو فەرائیض و نەحو صەرفدا کەم وێنە بووە.

لەڕۆژی ٢٨_٨_٢٠٠٤دا مامۆستا شێخ خالیدی موفتی وەفاتی کردو لە گەورەترین پرسەی شایستە بەو زاتە گەورەدا لە هەڵەبجە و سلێمانی و هەولێر جەماوەری کوردستان تیایدا بەشداییان کرد و گەڕایەوە بۆ لیقای پەروەردگاری.

وەفاتی ئەو زانا مەزنەیە کەلێنێکی زۆری دروست کرد بۆ موسوڵمانان و ناوچەکەو هەرچەند سوپاس بۆ خودا وەجاخی ڕۆشنەو کوڕەکانی بە وەزیفەی ئیمامەت و خەتابەت و تەدریس خەریکنمامۆستا شێخ موحسینی موفتی لە مزگەوت و مەدرەسەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە هەولێر و مامۆستا شێخ محەممەدی موفتی لە مزگەوتی جامیعەی هەڵەبجە و مامۆستا شێخ مادیحیش لە مزگەوتی عومەری کەوڕی خەتاب لە سلێمانی و پ . دکتۆر شێخ حەسەنی موفتیش لە زانکۆی صەلاحەدین و ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکی لیژنەی باڵای فەتوا لە کوردستان

# میوانی حضورە


دڵ گەردی نەما لەحزەیـــی مەیدانی حوزوورە
غەم کاتی نەما لوتکەیی خەنـــدان و سـرووره
شەوباوی نەما شوعلـــەیی ڕۆژگـــاری بەنووره
خەوتامی نەمـــا، نۆبەتی هەڵســـان ونشووره
مەل باڵی نەمـــا ، بازنەیی بازاڕی نوســـــووره
(شـا ) ناوی نەمـا، مەشخەڵی زانایی وەقـووره
ئەڕواحی مەلـــەك لادەری ئەڕواحی شـورووره
ڕێ پاککـــەرەوەی مەنـــزڵ و مەئـــوایی قوبووره
ئەی چاوی عەزیز(خالید)ی خاوێنی بەتەمكین
چواردەوروســـــەرو ڕێگەیـــە تەنراوە بە نووره
قوربانە! دەسا (ئەحســـەن)ی ئەییامی وەفایە
بۆ موفتی یەكەم موخلیـص وزاناووصەبووره
خاسـانی خودا مژدە ئەدەن ئەمـــڕۆبە یەكدی
ئەم زاتەیـە بەم چەشێـــویە میوانی حوزووره


بەڕاستی وەفاتی جەنابی موفتی برینی سارێژنەبووی وەفاتی حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەددینی هێنایەوە سوێ، ئەمانەش كەماون وا یەكە یەكە بەجێمان دەهێڵن، خوای گەورە بە بەهەشتی بەرین شادیان بفەرموێت .

إنا لله وإنا إليه راجعون وصلَى اللهُ علَى سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم




**سەرچاوەکان:** ١ـ بنەماڵەی زانیاران (**تذكار الرجال**) مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپخانەی شفیق، بەغدا، ١٩٨٤ز. ٢ـ **الشيخ خالد المفتي وجهوده العلمية – دراسة تحليلية**)، نوسینی: ئامانج ئومید محمد صوفی أحمد، بە سەرپەرشتیاری: پ.د. حەسەن خالید موستەفا موفتی، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٢٢م. ٣ـ گۆڤاری بانگەشەی ڕاستی، ژمارە: ٢٣-٢٤، ٢٠٠٥ ز.٤ـ گۆڤاری پەیڕەو، پەیڕەوانی نەقشبەندی، ژمارە: ٣٧، هەولێر: عێراق، ١٤٢٦ ك.٥٤ـ گۆڤاری پەیامی راستی، گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتییە، ژمارە: ١١٦ـ١١٧ هاوین وپایزی.٢٠٢٠. ٦ـ مێژووی زانایانی کورد، (**تأريخ علماء الكورد**) ملا تاهیر ملا عبداللە بەحرکەیی، چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٦ز. ٧ـ هەڵەبجە وکەسایەتییەکانی، ئازاد حەمدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، عێراق ٢٠٠٩ ز. ٨ـ هەوارگەی دڵ (ژیانی مەردی رۆژانی سەختی، چرای هەڵەبجە جەنابی موفتی (زاناو دای رەبانی مامۆستا شێخ خالیدی موفتی)، شێخ موحسین موفتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر: عێراق، ٢٠٢٢ز.










# شێخ موحسین موفتی نەقشبەندی (ئەحسەن)لە چەند لاپەڕەیەکدا

ناوی: شێخ محسن ی موفتی کوڕی ماموٚستا شێخ خالیدی شێخ مصطفی ی موفتی کوڕی شێخ محمودی قاضی کوڕی حەزرەتی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی یە، لەسەری باوکیەوە کە سەر بە ساداتی تەکیەتی ئیمام هەمزەی کوڕی ئیمام موسای




کاظم ن دەگاتەوە بەنەسەبی پیرۆزی حەزرەتی حسەینی کوڕی ئیمام عەلی (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، وە لە سەری دایکیشیەوە کە سەیدەکانی نێرگسەجاڕە دەگاتەوە بە حەزرەتی حەسنی موجتەبادا (رضي الله عنه) .

لە۲۰ی۱۲ی ۱۹۶۰دا لە هەڵەبجە لە گەڕەکی **پیرمحمد** لەدایك بووە.

لە پێنج ساڵیدا نراوەتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی ئیسلامی لە گەڕەکی کانی عاشقان قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، وەبەردەوام لە مەدرەسەی خۆیاندا لەمزگەوتی جامیعە(گەورەی هەڵەبجە)لەخزمەت باوکیدا ماموٚستا شێخ خالیدی

موفقی خوێندوویەتی، ئامادەیی دیراساتی ئیسلامی لە هەڵەبجە تەواو کردووە، بەهۆی شۆڕشی کوردوستانەوە ساڵی ١٩٧٤ی فەوتاوە و ئەو ماوە تەنها دەرسی حوجرەی خوێندووە لە خەرپانی و بیارەدا، لە خزمەت باوکی و مامیدا.

پاش نسکۆی شۆڕشی کورد ساڵی شەشەمی(پەیمانگای ئیسلامی)لە سلێمانی تەواوکردووە و لەپاشان لە کۆلیجی شەریعەی زانکۆی بەغدایش خوێندنی تەواو کردووە و شەهادەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە ، وە لە خزمەت باوکی بەڕێزیدا و لە خزمەت عەللامەی عێراق مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی بیارە(دەرەجاتیان عالی بێ) لەبەغدا ئیجازەنامەی عیلمی وەرگرتووە.


بسم الله الرحمن الرحيم

مامۆستا دەڵێت:

چەندین جار لە خزمەت حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەددیندا بەتایبەتی چووین بۆ زیارەتی مامۆستا مەلا عبدالکریمی بیارە بێجگە لەوەی بۆ چوار ساڵی بەردەوام بەندە ڕۆژانە دەچوومە خزمەتی بۆ خوێندن و بەهرە وەرگرتن لە خزمەتیدا. وە بە خەتی پیرۆزی خۆی ئیجازەی عیلمی بۆ نووسیمەوە.

ئەوەندە متمانەم هەبوو لە خزمەتیدا هەندێك لە دەستنووسە تایبەتیەکانی وەك (تهذيب الكلام)کە بە خەتی خۆی نوسیبویەوە بۆ ئەوەی نەفەوتێت دای پێم کە نوسخەی لێ بگرمەوەو بۆ ئەو مەبەستە پێنج نوسخەم لێ فۆتۆکۆپی کرد و زۆر جوان دەرچوو بڵاومانکردەوە.

هەروەها تەفسیری پیرۆزی تیزکاری ئیمان بۆ تەفسیری قورئانی قازی بەڕێزی پێنجوێنیم لە فەوتان ڕزگارکرد کە لەناو مەکتەبەی گشتی هەولێردا بە پرش و بڵاوی لەسەر زەوی کەوتبوو لە ساڵی نەوەدو سێدا و سوپاس بۆ خودا هەشت وێنەم لێ گرتەوە کە هەشت بەرگی گەورەیە و تا ئێستا ماوەتەوەو هەندێکی لێ ساغکراوەتەوە و پشت بەخودا بەڵکو بۆی بڕەخسێت و بەچاپ بگات.

خاوەنی ئەم ژیاننامەیە لەساڵی ١٩٨٣وە بووە بە پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی عومەری کوڕی خەتاب لەئیسکانی سلێمانی، وەلەسەر فەرمانی حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەددین کە ئەوکاتە تەشریفیان لەبەغدا بووە، بەنامەیەکی تایبەتی فەرمانی داوە و پێنج فەقێی ناردووە کەوەربگیرێن و یەکسەر حوجرەی بۆ دروستکردوون و لەو کاتەوە مەدرەسەی ئەهلیی بەناوی مەدرەسەی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی نەقشبەندی دامەزراندووە، کە درێژە پێدەری مەدرەسەکانی بنەماڵەکەیەتی لە هەڵەبجەو جێگاکانی دیکە.

وە لە سلێمانیدا لە مزگەوتی عومەری کوڕی خەتاب هەمیشە ٣٦ تا ٤٥ فەقێی لێ بووە و دەیان مەلای هاوڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت شەهادەیان وەرگرتووە و ئێستە کاری ئیمامەت و خەتابەت ئەنجام دەدەن.

چەندین جار لەلایەن ڕژێمی بەدناوی بەعسیەوە گیراوەو ئەشکەنجە دراوەو خودا پاراستوویەتی و ڕزگاری بووە.

چەندین جار بە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی ئەمێندارێتی گشتی ئەوقافی هەولێر لە وتارخوێندنەوە دوورخراوەتەوە لەبەر هەڵوێستە دینداری و نیشتیمان پەروەریەکانی بە تایبەتی دوای کیمیابارانی شاری هەڵەبجە ی شەهید.

هەروەها نازناوی (ئەحسەن) ناوی تایبەتی مورشیدەکەی بووە کە لە ساڵی ١٩٨٤دا ناوی لێناوە، ئەویش بە شانازییەوە کردوویەتی بە نازناوی هەمیشەیی بۆ خۆی، وە لە خانەقای بەغداو لە پاشان لە خانەقای ئەستەنبووڵ شەرەفی ئەوەی هەبووە کە ڕاستەوخۆ لە لایەن مورشیدەوە هەندێك ئیجازەی تایبەتی پێدراوە بە تایبەتی ئیجازەی دەرسوتنەوە و خوێندنەوەی قورئان ی پیرۆز و خوێندنەوەی (دلائل الخیرات) و هەندێك لە ئەزکار و دۆعا تایبەتیەکان.

هەروەها ئیجازەی خەتمەو تەڵقین و تەمەسوکدادانی مورید و دیاری کردنی سەرحەلقەی خەتمەو زیادکردنی خەتمەکانی پێ دراوە .

جگە لەوەی کە ماوەی چەندین ساڵ کاتبی حەزرەتی شێخ عوسمان بووە، ئەو ماوەی کە لە ئەستەنبوڵ بووە نوێنەری ڕەسمی حەزرەتی شێخ بووە بۆ هەموو کاروبارێك کە پەیوەندی بە ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی شێخەوە بووبێت یان نوێنەرایەتی کردنی بۆ سەردانی لایەنەکان و کەسایەتی و موریدەکان، یان پەیوەندی بە کاروباری طەریقەتی نەقشبەندی وە هەبێت و بەردەوام ئەم کارەی ئەنجامداوە تا ئێستا کە ئەم بابەتەی لەسەر بڵاودەکەینەوە.

وە لەم بارەوە دەڵێت:

ئەوکاتەی حەزرەتی شێخ تەشریفی گەیشتە تورکیا ،ئێمەیش لە کوردستان سەرقاڵی چۆنیەتی داهاتنمان بووین بەو دۆخەی کە لە پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس ڕووبەڕوومان بووبویەوەو یەکەم شت زاناکان هەوڵی دروستکرنەوەو بەگەڕ خستنەوەی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانیان دەدا، لەبەر ئەوەی لەو ماوەدا کەحەزرەتی شێخ لە بیارەی شەریفە و بەغدابوو پێشتریش لە دوڕووە و مەحمودئاوا متمانەیەکی زۆری هەبوو لەسەر جەنابی مامۆستا مەلا عەبدوڵلای کاتب(أعلَى اللهُ مَقامَهُ)بۆیە منیش مامۆستاکانی ئەهلی تەصەوفم کۆکردەوەو ڕاوێژمان بە جەنابی مامۆستای فەنایی کرد بۆ کارکردن لەگەڵ یەکێتی زانایاندا،

ئەویش زۆری پێ باش بوو، وادیاربوو کە ئەمری لە حەزرەتی شێخەوە وەرگرتبوو کە هاوکارو هاوڕازبێت.

لە هەموو لایەکەوە ئێمە دەستمان بە چالاکی کرد و ڕێکخستنێکی زۆر نایابمان دروست کرد لە ناوچەکانی سلێمانی و هەڵەبجەو گەرمیان و هەندێك جێگای تر، لەو بوارەدا هەموو مامۆستایانی ئەهلی تەصەوفمان کۆکردەوە، دوای ئەوەی کە لایەنەکان بەو چالاکییەیان زانی هەریەکە بۆ خۆی هەوڵی دەدا ...

ساڵی ١٩٩٠ کۆبوونەوەیەك لە شەقڵاوە کرا بۆ ئەوەی لە بارەگای پارتێکی سیاسیدا یەکێتی زانایان دروست بکرێتەوە و پەیوەندیشی بە یەکێتی زانایانی سەرەکییەوە نەبێت کە کۆنگرەی یەکەمی لە گەڵاڵە بەسترا ، منیش لە سلێمانی عەرزی مامۆستام کرد، فەرمووی: بابچین.

هەرچەندە ئێمە بانگهێشتیش نەکرابوین، بەڵام بەیانی زوو بەندەو جەنابی مامۆستای فەنایی و مامۆستا شێخ عوسمانی مەردۆخی و مامۆستا مەلا ڕەشیدی ڕاوگانی گەیشتینە شەقڵاوەو بەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا گەیشتین، کە ئەم بابەتەم لە پەرتووکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردوستان مێژوویەك لە خزمەت و شانازی زنجیرەی ٧٦١ چاپی ٢٠٢٠لە لاپەڕە ٢٠٧وە تا ٢١٧ بە درێژی باسکراوە، کە سوپاس بۆ خودا بەندە هەستام و وتارێکم خوێنەوەو بە حزوری مام جەلال خستمە بەر لێپرسراوییەکی گەورەوە کەئەگەر ڕێگە بدەن هەڵبژردن بۆ زانایان لە بارەگای مەکتەبی سیاسیدا بکرێت، دوای ماوەیەکی زۆر هێنان و بردنی بابەتەکەو پشتگیری زۆرێك لە زانایان لە ڕەخنەو پێشنیارەکەم بڕیاردرا کە هەموو چالاکییەکان هەڵبگیرێت بۆ ناو مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە.

تەنها ئەوەندەی ماوە کە بڵێم: لە مزگەوتی شەقڵاوە کاتێك کە ویستیان بیکەنە جەلسەی هەڵبژاردن ، مامۆستای فەنایی فەرمووی:

بێ ترس وتاری خۆت بخوێنەرەوەو قسەی ڕاستی بۆ مامۆستاکان بکە، ئەمانە وەك میزەڵدانێکی فوو تێکراو وان ، چاوم لێوەبوو حەزرەتی شێخ بەتاڵی کردنەوەو

هیچیان پێ ناکرێت، منیش وتارێکی بەهێزم داو خستمنە بەر لێپرسراویی مێژووییەوە کە نابێت یەکێتی زانایان دوولەت بکەن و مۆرکی حیزبایەتی وەربگرێت، مامۆستا بەرچاوی ڕوون بوو، وەنەترسیش بوو، وەزۆر یارمەتی دەری منیش بوو لە یەکێتی زانایاندا لە ڕووی پشتگیری مەعنەوییەوە، وە بۆ زۆربەی شوێنە تایبەت و ناو زاناکان پێکەوە لە خزمەتیدا دەڕۆشتین، چونکە تا ماوەیەکی زۆر حەزرەتی شێخ (قَدَّسَ اللهُ سِرَّهُ) زۆر پشتگیری لەو یەکێتی زانایانە دەکرد، بەڵام لەم دواییەدا

سروشتێکی دیکەی وەرگرت و ئێمەش ئەو گەرم و گوڕیەمان بەرامبەری نەما.

هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بیرمان لە یەکڕیزی زانایان کردووە و مامۆستای فەناییش زۆری پێ خۆش بوو کە یەیەکێتی زانایان برەو پێ بدەینەوە، بۆیە لە سلێمانیدا هەوڵی زۆرمان داو مامۆستایانی ئەهلی تەصەوف بەتەنگەوەهاتنێکی باشیان هەبوو، پێش ئەوەی کۆنگرەی دووهەم ببەسترێت لە هەولێر، ئێمە ڕیزەکانمان یەکخست و لیژنەی زانایانمان لە تەواوی سنووری پارێزگای سلێمانیدا دامەزراند و زۆر بایەخیشمان بە لیژنەی فەتواو ڕێکخستن و ئامۆژگاری و بابەتەکانی دیکەدەدا، مامۆستای فەنایی و مەلا شێخ عوسمانی مەردۆخی و مەلا ڕەشیدی ڕاوگانی و مەلا هبةالله ی قاضی و دەیانی دیکە لە مامۆستاکان پێکەوە کارمان دەکرد، بێ ئەوەی یەك توانای ماددی و دارایی لەبەردەستماندا هەبێت، یان داوا لە هیچ لایەن و ڕێکخراوێك بکەین.

بۆ ئەم مەبەستە داوایان لە بەندە کرد پەیڕەوو پرۆگرامی یەکێتی زانایان دابنێم و ئامانج و مەبەستەکانی کاری داهاتوومان تیا بەرجەستە بکەین، دوای ئەوەی پەیڕەوێکی شایستەمان نووسییەوە و ئەرکی دینداری و نیشتیمان پەروەری زانایانی تیا ڕەچاوکرابوو بە تەواوی، وە سەربەخۆیی زانایانی تیا پارێزرابوو، لە خزمەت جەنابی مامۆستا مەلا عەبدوڵلای کاتبدا چوین بۆ بەغدا بۆ خزمەتی مامۆستا مەلاعبدالکریمی بیارە (أعلَى اللهُ مَقامَهُ) هەموو مینهاج و پرۆگرامەکەمان بۆ خوێندەوەو چەند دانیشتنێکمان لە خزمەتیدا کرد، مامۆستا زۆر بەباشی

پەسەندی کرد.

ئێمەش لە خزمەت فەناییدا زۆر بەگەرمی و خۆشحاڵییەوە هاتینەوە و لیژنە تایبەتەکانمان گەشە پێدا، بینیمان لەملاو لایشەوە هەر تاقمەو خەریکن زانایانی سەربەخۆیان دروست بکەن.

ئێمەش لەگەڵ نوێنەرانی زانایانی دیکەدا سەردانی لایەنەکانمان دەکرد تا هەوڵێکی سەراسەری بدرێت و یەکێتی زانایانی یەك هەڵوێست و یەك ئامانج دروستبکرێتەوە کە خزمەتی ئیسلام و چینی زانایان و نیشتیمانەکەمان بکات. لەپڕێکدا بۆماندەرکەوت کە هەوڵێك هەیە بۆ دروستکردنی یەکێتی زانایان سەر بە لایەنێکی تایبەتی کە ئەو هەوڵە نەزۆکەشمان پشت بە خوداو هیممەتی حەزرەتی شێخ لەناوبرد.

لە دوای ئەوەی کۆنگرەی ڕاستەقینەمان لە هەولێر بەست و بەهۆی ئامادەباشی پێشترەوە ئێمە پەیوەندییەکی باشمان لە خزمەت زانایاندا هەبوو، توانیمان لە گۆنگرە سەرکەوتن بەدەست بهێنین بۆ ڕووبەڕووی ئەوانەی کە بەناوی بیدعەو سیاسەتی لابەلاوە دژایەتی مەزهەب و فەتوای زانایان و ویردو تەسبیحاتی مزگەوت و بانگ و سەڵاو مەولوودی و حوجرەی مزگەوتەکانیان دەکرد .

وەهەمیشە پێکەوە پێشنیاری تایبەتی و بەکەڵکمان دەنووسی بۆ بەرپرسانی هەرێم لەبارەی دین و ڕەوشت پەروەری و بایەخدان بەمزگەوت و مەدرەسە ئەهلییەکان و ئەوەی بکرایە لەیەکێتی زانایانیش پشتگیریمان لەو پێشنیارانە دەکرد، کە تا ئەندازەیەکی باش ئەو کاتە ڕۆڵی هەبوو، وە ڕێگە کورتکرابوویەوە لەوانەی بەناوی دینەوە کەنەیان لە دین دەکرد و مزگەوتەکانیان بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبردو فیکرەی بەدمەزهەبی و بیدعەکاریان بڵاودەکردەوە.

لە دوای ڕاپەڕین ی خەڵکی کوردستان لە گۆنگرەی دووهەمی زانایاندا یەکەم دەنگی هێنا لە سەر ئاستی کوردستانداو بۆ چەند دەورەیەك بوو بە سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان و تا زیاد لە بیست ساڵ لە سەرۆکایەتی

زانایاندا مایەوە و لەخولی یەکەمی پەڕلەماندا  ئەندام بوو وەسەرۆکی لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بوو، ماوەی سیانزەساڵ لە پەرلەمان و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو بۆ پشتگیری لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ڕەدکردنەوەی دەیان پرۆژەو پێشنیاری نەگونجاو لەگەڵ ئیسلامداو هەوڵدان بۆ خزمەتی زانایانی بەڕێزو مزگەوتەکان و پشتگیری لە حوجرەو دیراساتی ئیسلامی و هەموارکردنی شەهادەی ئیجازەنامەی عیلمی بە شەهادەی ئامادەیی بۆ دامەزراندن و خوێندنی باڵا و ئەو بڕیارەیان کرد بە یاسا، هەروەها هەوڵی تایبەتیدا بۆ دروست کردن و دامەزراندنی کۆلیجی شەریعە لە هەولێرو سلێمانی کە سەرەتاکەی لە سلێمانیەوە دەستیان پێ کرد و بەشێکی کۆلێجی زوبانی بۆ تەرخانکراو پاشان بوو بە کۆلیژێکی سەربەخۆ.

وە بە پێی بڕیاری پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و دامەزراندنی لیژنەیەك لەلایەن سەرۆکی زانکۆی سلێمانیەوە پەیڕەو پرۆگرامی خوێندنمان بۆ داناو ماددەی دەرسەکانیشمان بۆ چەسپاند کە تا ئەم چەند ساڵەی پێشویش وەك سوپاسگوزاری ناوی بەڕێزیان لە ئەرشیف و شوێنی هەڵواسینی چالاکییەکاندا بە نوسراوی فەرمی زانکۆ هەڵواسیبوو.

وە هەوڵیاندا کە زانایان بمێننەوە لە خزمەتدا تا تەمەنیان دەگات بە حەفتاو سێ ساڵ بۆ ئەوەی مزگەوتەکان بە چۆڵی نەمێننەوە، کە دەیانزانی پلانێك لە ئارادایە کەس دانەمەزرێن و ئەوەی دەڕوات شوێنەکەی بە چۆڵی بمێنێتەوە.

وەخاوەن ئیمتیازو سەرنوسەری گۆڤارەکانی دەنگی زاناو پەیڕەوانی طەریقەت و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری پەیڕەو بووە و  دەیان ژمارەیان لێدەرچووە. لە زۆربەی ڕۆژنامەو میدیاکانی دەنگ و ڕەنگی کوردستاندا وتارو بەرنامەو چاوپێکەوتن و نوسینی هەبووە.

زیاد لە بیست ودوو  کتێبی نوسراوو وەرگێڕدراوی  هەیە بە زوبانی کوردی و عەرەبی بەرهەمە چاپکراوو نووسراوەکان

١ _ ژیانەوەی زانستەکانی ئایین یازدە بەرگە حەمد بۆ خودا چاپکراون وەرگێڕراوی إحیاء علوم الدین ی پێشەوا غەزالی نزیکەی هەشت هەزار لاپەڕەیە

٢ _ أنوار الحقیقة في سیر أقطاب الطریقة النقشبندیة . دوو موجەلەدی گەورە لە دوو بەرگی گەورەدا لە سەر ژیانی حەزرەتی مەولاناخالید و سیراجەدینی تەوێڵە حەزرەتی بەهائەددین و شێخ عبداالرحمن أبو الوفا و حاجی شێخ ئەحمەد شەمسەددین تا دەگاتە حەزرەتی شێخ نەجمەددین و شێخ حیسامەددین و شێخ عومەری ضیائەددینی بیارەیش لە بەرگێکی تایبتیدا چاپکردووە(قدس الله أسرارهم القدسیة) .. وە پشت بە خودا بەرگەکانی دیکەیشی بە دوادادێت (١٦٠٠)لاپەڕە

٣ _ گەوهەری حەقیقەت لەسەر ژیان و کەسایەتی قوطبی طەریقەت حەزرەتی شێخ محمد عوسمان سیراجەدین لە دە بەرگی گەورەدا لە پێنج هەزار لاپەڕەدا چاپ کراوەو هێشتا چەند بەرگێکی ماوە پشت بە خودا بەدەستیەوەیە

٤ _ خۆشەویستی خودا چاپکراوە

٥ _ خۆشەویستی سەرەوەر چاپکراوە

٦ _دادگەری کۆمەڵایەتی لە نێوانی بەدروشم کردن و پیادەکردندا . چاپکراوە

٧ _ لە ڕوانگەی ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا( ١٣)ئەڵقە بڵاوکراوەتەوە

٨ _ هەنگاوێك بەرەو پاراستنی یەکڕیزی مەسوڵمانان

.٩- بەرگی یەکەمی دیوانی ئەحسەن چاپکراوە

١٠- قەصری عاریفین (ئەزهەری کوردوستان) چاپکراوە

١١- مافی ئافرەت لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە چاپکراوە

١٢ _ وەرگێڕانی پەڕاوی: جیهاد لە ئیسلامدا دانراوی د . محەممەد رمضان البوطي.

١٣ _سەلەفییەت قۆناغێکی وەختییە نەك مەزهەبێکی ئیسلامی. چاپکراوە

١٤ _ بانگەشە بۆ بێ مەزهەبی ترسناکترین بیدعەیە ڕوولە شەریعەت دەکات...

١٥ _ بیدعەی تەرکی مەزاهیبە فیقهییەکان. چاپکراوە

١٦ _ دیوانی ئەحسەن کە پوختەی بەرهەمە شیعرییەکانی چل ساڵەیەتی .

١٧ الحاج قادر الكويي شاعرا ومفكرا ومناضلا.. چاپ نەكراوە .
١٨_ خَلوةُ السالِكين وبَهجةُ المُتَّقين في حَياةِ حَضرَة قطبِ العارِفين الشَّيخ محەممەد علاءالدين النَّقشبَنْدِيّ العُثماني لە دوو بەرگی گەورەدا بە هەزار لاپەڕە دا چاپكراوە
١٩_ ژياننامەی حەزرەتی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی بڵاوكراوەتەوە.
٢٠_ چەند باسێكی تایبەت لەسەر ژياننامەی مامۆستا مەلا كەريمی بيارەو مامۆستا شێخ ڕەئوفی بێژوێ و مامۆستای كاتب و مامۆستای موفتی و مامۆستای كانیسانانی و گەلێ زانای دیكە. بڵاوكراونەتەوە
٢١_. گوڵزاری فەنایی ژياننامەی مامۆستا مەلا عەبدوڵلای كاتب چاپكراوە لە شەش صەد لاپەڕەدا .
٢٢ _.هەوارگەی دڵ ژياننامەی مامۆستا شێخ خاليدی موفتی چاپكراوە لە حەوت صەد لاپەڕەدا جگە لە صەدان نوسين و چاوپێكەوتن و دەركردنی گۆڤارەكانی پەيڕەوو دەنگی زانا وپەيڕەوانی طەريقەت و ژياننامەی دەيان زانای ناودار . واللّٰه الموفق لكل خير

وە دوای ئەوەی سلێمانی بەجێهێشت هەميشە لە مزگەوت و مەدرەسە نەبڕاوە، تا سوپاس بۆ خودا مزگەوتێكی گەورەی تايبەتی دروستكرد بەناوی مزگەوتی مەولانا خاليدی نەقشبەندی لە هەولێر و مەدرەسەكەيشی تێدا دروستكردەوە بەناوی مەدرەسەی شێخ عەبدوڵلای خەرپانی.

وە سوپاس بۆ خودا بەردەوام فەقێی تێدايە و لێی نەبڕاوە ، وە سوپاس بۆ خودا تائێستە ئەركی ئەو فەقيانی لەماوەی ئەم سی و پێنج ساڵەدا لە سلێمانی و هەولێر خوێندوويانە لەسەر هيچ دەزگايەكی فەرمی و ئەهلی و خێرخوازی نەبووە و خودای گەورە لوتفی هەبووە و تائێستەش بەردەوامە.

هەروەها لە مەدرەسەكەيدا ماوەی حەوت ساڵە بەردەوام دەرسی قيرائاتی عەشر وحەوت قيرائەتەكەی قورئانی تيادا دەخوێنرێت و جێگەو ڕێگەی پێويست

دیاریکراوه بۆ موده‌ڕسه‌کانی قیرائاتی قورئان که‌ به‌ڕێزان:

دکتور محمد سالم الرفاعی و شێخ محمد ختال العبیدی و شێخ نزار الموصلی ده‌رسی قورئان و ته‌جویدو قیرائات ده‌ڵێنه‌وه، که‌ تائێسته‌ زیاد له‌ په‌نجا مه‌لاو دکتۆر وفێرخوازی به‌ڕێز به‌سه‌رکه‌وتوویی قیرائاته‌کانیان خوێندووه‌ و شه‌هاده‌یان پێ دراوه. وه‌ ئێستایش به‌ڕێز شێخ محمد ختال و مامۆستا ئاریان و مامۆستا ئه‌رسه‌لان ده‌رسی تیا ده‌ڵێنه‌وه.

وه‌ مه‌دره‌سه‌ی شێخ عه‌بدوڵلای خه‌رپانی جگه‌ له‌وه‌ی فێرگه‌ی زانستییه، هه‌روه‌ها جێگه‌ی په‌روه‌رده‌کردنی ئه‌هلی ته‌صه‌ووف و شوێنکه‌وتووانی طه‌ریقه‌ت و هه‌وادارانی ڕێبازی عیرفان بووه‌ له‌ ژێر سایه‌ی حه‌زره‌تی شێخ عوسمانی سیراجه‌ددیندا، که‌ سوپاس بۆ خودا ماوه‌ی سی و شه‌ش ساڵه‌ به‌رده‌وام خه‌تمه‌ی پیرۆزی نه‌قشبه‌ندی و قادری تێداکراوه‌ و له‌ هیچ بارو دۆخێکی ناهه‌موار و تایبه‌تیشدا نه‌فه‌وتاوه‌ و به‌رده‌وام زیکری خودا و ڕێبازی مه‌عریفه‌ت هه‌وێنی هه‌موو زانسته‌کان بوون.

وه‌ هه‌رگیز ڕێگه‌ نه‌دراوه‌ هیچ گرووپێکی سیاسی و له‌ ژێر هیچ ناوێکدا حیزبایه‌تی و سیاسه‌تی تێدا بکرێت، وه‌ هه‌میشه‌ به‌ ڕێبازی دینداری و نیشتیمان په‌روه‌ری هه‌وڵدراوه‌ خه‌ڵکی تێدا په‌روه‌رده‌بکرێت، نه‌ك به‌ ڕێبازی ده‌مارگیری و سیاسه‌تی به‌رته‌سکی حیزبایه‌تی و ته‌کفیری موسوڵمانان و توندڕه‌وی .

ته‌واوی ئه‌م بابه‌تانه‌ی که‌ به‌ کورتی باسیانکراوه‌ له‌ نوسراوه‌کانیدا به‌ شێوه‌ی دیکۆمێنتاری و به‌ڵگه‌ی فه‌رمی نوسراوو چاپکراوه‌وه‌ بڵاو کراوه‌ته‌وه‌ و له‌ کاتی ته‌واوکردنی نوسینی ژیاننامه‌ی خۆی پشت به‌ خودا هه‌موو ی به‌ درێژی ده‌خاته‌ به‌رچاوه‌وه .

تا ئێستا ماوه‌ی چل ساڵه‌ ئیمامه‌ت و خه‌طابه‌ت ده‌کات و به‌رده‌وام ته‌دریسی کردووه‌ و هه‌میشه‌ خه‌ریکی نووسینه‌ و ئه‌گه‌ر خودا ده‌رفه‌تی پێ بدات پرۆژه‌ی زۆری ماوه‌ خودا یارو هاوکاری بێت .

**وصلى الله وسلم وبارك على سيدنا محمد وعلى آله المكرمين وأصحابه الغر الميامين، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.**

٨ى ڕەمەزانى ١٤٤٤ى كۆچى ١_٤_٢-٢٣ى زاينى

مزگوت و مەدرەسەى حەزرەتى مەولانا خاليدى نەقشبەندى

هەولێر   گەڕەكى گوڵان  كوردستان .

- هو الشيخ محسن ابن الشيخ خالد ابن الشيخ مصطفى المفتي ابن الشيخ محمود القاضي ابن خاتمة العلماء والمحققين الشيخ عبدالله الخرپاني الحسيني الشافعي النقشبندي
- ولد بتأريخ ٢٠/١٢/ ١٩٦٠ في محافظة هلبجة الشهيدة في كُردُستان.
- حصل على الإجازة العلمية الدينية عند مفتي العراق سماحة العلامة الشيخ عبد الكريم بيارة (المدرّس).
- من متبعي حضرة المرشد الكامل الشيخ محمد عثمان سراج الدين
- يقوم بأداء الإمامة والخطابة والتدريس والختمة الشريفة منذ سنة ١٩٨٣ في السليمانية في جامع عمر بن الخطاب (رضي الله عنه) إلى سنة ١٩٩٤, وفي جامع مولانا خالد النقشبندي (قدس الله سره) في أربيل وإلى الآن. وهو خريج كلية الشريعة جامعة بغداد سنة ١٩٨١.
- انتخب سنة ١٩٩١ رئيساً لاتحاد علماء الدين الإسلامي في كُردُستان.
- كان عضواً لبرلمان كُردُستان ورئيسا للجنة الأوقاف والشؤون الإسلامية في الدورة الأولى: بين سنتي ١٩٩٢ -٢٠٠٤.
- له مئات المقالات والبحوث والخطب العلمية والدينية والاجتماعية. وهو صاحب إمتياز مجلة (المنهج) ورئيس تحرير (متبعو الطريقة)

**الكتب المؤلفة والمترجمة المطبوعة وغير المطبوعة :**

**١_ ترجمة وشرح كتاب إحياء علوم الدين للإمام الغزالي باسم( ژيانەوەى زانستەكانى ئايين ) في إحدى عشرة أجزاء مطبوعة . في ثمانية آلاف صفحة**

٢ _ أنوار الحقيقة في سير أقطاب الطريقة النقشبندية . جزءان مطبوعة في ١٦٠٠ صفحة, من سيدنا مولانا خالد الى حضرات ضياءالدين نجم الدين وحسام الدين

٣_ گەوهەری حەقیقەت (جوهر الحقيقة) في عشرة أجزاء ما يقارب خمسة آلاف صفحةعن حياة حضرة الشيخ محمد عپمان سراج الدين

٤_ خۆشەویستی خودا (محبَّة الله)

٥_ خۆشەویستی سەروەر (محبَّة النبيِّ القائد)

٦_دادگەری کۆمەڵایەتی لە نێو انی بەدروشم کردن و پیادەکردندا .

٧_ لە ڕو انگەی ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا(١٣)ئەڵقە بڵاوکراوەتەوە

٨_ هەنگاوێك بەرەو پاراستنی یەکڕیزی مەسوڵمانان

.٩- بەرگی یەکەمی دیو انی ئەحسەن

١٠ -کوردستان لانەی زانست وعیرفان.

١١- مافی ئافرەت لە ڕو انگەی شەریعەتی ئیسلامەوە

١٢_ ترجمة كتاب (الجهاد في الإسلام)من تأليف د . محمد سعيد رمضان البوطي.

١٣_وكتاب السلفية مرحلة زمنيَّة مباركة للشيخ البوطي الى اللغة الكرديَّة.

١٤_وترجمة كتاب اللامذهبيَّة أخطرُبدعةٍ تهدِّدُ الشَّريعة الإسلاميَّة أيضاً

١٥_ بیدعەی تەرکی مەزاهیبە فیقهییەکان.(بِدعةُ تركِ المذاهبِ الفِقهيَّة) .

١٦_ ديوان (أحسَن) الشعرية فى ستمائة صفحة تقريبا

١٧ الحاج قادر الكويي شاعرا ومفكرا ومناضلا.. چاپ نەکراوە .

١٨_ خَلوةُ السالِكين وبَهجةُ المُتَّقين في حَياةِ حَضرَة قطبِ العارِفين الشَّيخ مُحمَّد علاءالدين النَّقشبَنْدِيِّ العُثماني في جزءين . ألف صغحة

١٩_ قەصری عاریفین بیارەی شەریفە (قصر العارفين)مطبوع

٢٠_ بحث خاص عن حياة حضرة الشيخ عبدالله الخرباني باللغة الكردية .

٢١_چەند باسێکی تایبەت لەسەرژیاننامەی مامۆستا مەلا کەریمی بیارەو مامۆستا شـێخ ڕەئوفی بێژوێ و مامۆســتا مەلا عەبدوڵڵای کاتب و مامۆســتا شـێخ خالیدی موفتی و مامۆستای کانیسانانی و گەلێ زانای دیکە. بڵاوکراونەتەوە .

٢٢_ دەروازەیەك لە جیهانی خۆشەویستی لە ڕێبازی تەصەوفدا

٢٣_ تصوف-منهجها-ومنشؤها-عند-العلماء-والعرفاء-

٢٤ _ گوڵزاری فەنایی ژیاننامەی زانای زاهیدی ڕەییانی مامۆســتا مەلا عەبدوڵلای کاتب کە لەبەردەستدایە.

وصـلى الله وسـلم وبارك على سـيدنا محمد وعلى آله المكرمين وأصـحابه الغر الميامين، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.